وەزارەتی تەندروستی فەڵەستین ئاماری کوژراوانی کەرتی غەززەی بڵاوکردەوە

لە سەرەتای هەرشەکانی سوپای ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەززە کە لە 7ی تشرینی یەکەی 2023ەوە دەستی پێکرد تا ئەمڕۆ زیاتر لە 32 هەزار و 226 فەڵەستینی کوژراون و دەیان هەزاری دیکەش بریندار بون.

وەزارەتی تەندروستی فەڵەستین لە کەرتی غەززە لە ڕاگەیەندراوەکدا، دوایین ئاماری لەبارەی ژمارەی قوربانیانی کەمەڵکوژییەکانی ئیسرائیلی لە کەرتی غەززە بڵاوکردەوە کە ماوەی 170 ڕۆژە بەردومان و شەڕ و پێکدادانەکان بەردەوامن.
بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکە، لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردودا هێزەکانی سوپای ئیسرائیل، هەشت کەمەڵکوژی دیکەیان دژی فەڵەستینییەکان لە کەرتی غەززە ئەنجامداوە و لە ئاکامدا، 84 کەس کوژراون و 106 کەسی دیکەش بریندار بوون.

ئەوەشیخستەڕو، ژمارەی ئەو فەڵەستینییانەی کە تا ئێستا لە ئەنجامی کەمەڵکوژییەکانی ئیسرائیلدا لە غەززە کوژراون، بەرزبووەتەوە بە 32 هەزار و 226 کەس، هەروەها 74 هەزار

و 518 کەسی دیکەش بریندارن.